# مێژووی تیرۆر

**تامان شاكر**



تیرۆر مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە.لە وەتەی من بە بیرم دێت، هەموو مرۆڤێكی خاوەن هەست بە بیستنی تیرۆر داچڵەكیوە،لە راستیدا تیرۆریش داچڵەكاندنە.

تیرۆر  وێرای ئەوەی كە یەك مەبەست و ناوەرۆكی هەیە، بەڵام شێوازی جۆراو جۆرە.

لە زۆر كات و ساتدا دەستەو تاقمێك بۆ مەبەستی تایبەتی بە كاریان هێناوە، خزمەتكارانی ئەو رەوتە واتە تیرۆریستان دەكرێ تیرۆریزمی دەستەو ناوچەیەك بن،دەكرێ تیرۆریزمی نێونەتەوەیی بن،دەكرێ تیرۆریزمی نێودەوڵەتیش بن.

هەركام لەوانە وەك لەسەرەوە باسمان كرد یەك ناوەرۆكیان هەیە، بەڵام هەركامێكیان شێواز و مەبەستی تایبەتی لە پشتە.

وشەی تیرۆر لە سەدەی 14 ی زاینیدا هاتە كایەوەو وشەیەكی فەرەنسیەو

ماناكەشی بەزمانی فەرەنسی یانی ترساندن .لەساڵی 1793 سەردەستەی شۆرشگێرەكانی فەرەنسا ماكسیمیلین رۆبسپیر دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتوو حكومەتی نوێی فەرەنسەی دامەزراند،بەرهەڵستكارانی خۆی بە شێوەی تیرۆر لەناودەبرد.

واتە دەوڵەت بۆ پاراستنی دەسەڵات، هاوڵاتیانی ئۆپۆزسیۆنی خۆی تیرۆر دەكرد.

دەكرێ تیرۆر مەبەستی جۆراو جۆری لە پشت بێت كە ناسراوترینیان تیرۆری سیاسیە، زۆر جار بۆ بە دەستهێنانی داوایەكی سیاسی،یاخود سەپاندنی بیرورای دەستەیەك یا حیزب بە سەردەوڵەتێكدا كاری كردووە .

وە بە پێچەوانەشەوە دەوڵەتانێك هەن ئەساسی مانەوەو دروست بونیان لە سەر بنەمای كاری تیرۆریستیە، ئەو دەوڵەتانە زمانی دیالۆك نازانن و دژەكانی خۆیان بە شێوازی تیرۆر لە ناو دەبەن.بەم كردەوەیە هەم دژەكانی خۆیان دەكوژن و هەم خەڵكانی نارازیشی پێ دەتۆقێنن،لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەكرێت دوو دەوڵەت بە نموونە بهێنینەوە ئێران و سووریا كە بوونەتە مۆڵگەی تیرۆریستان.

بە گشتی تیرۆریزم چ وەك تیرۆریزمی دەوڵەتی یان دەستەو تاقمی حیزبی لە سەدەی نۆزدەمەوە لە هەموو جیهاندا پەرەی سەندووە.

مەبەستی تیرۆریزمی دەستەیی و حیزبی لە دژی دەسەڵاتێكی دەوڵەتی هەروەك زۆرجار خۆیان پێناسە كردووە، بۆ بە دەستهێنانی مافەكانیان و ملكەچكردنی دەسەڵاتی فەرمان رەوا بەرامبەر بە داواكانیان پەنایان بردۆتە بەر تیرۆر، واتە كوشتنی لە پڕو ترساندن و رفاندن، ئەم دیاردەیە لە ئەوروپا لە ساڵانی هەفتاكان زۆر باو بوو، بە تایبەتی لە ئەڵمانیای رۆژئاواو ئیسپانیاو بریتانیا  ERA  ئیرلەندی لە دژی بەریتانیاو  ETAلە دژی ئیسپانیاو  RAMفراكسیۆنی جەیشی سوور دژی ئەڵمانیا، ئەمانە بۆ داواكارییە سیاسیەكانیان دەستیان دابووە تیرۆر دژی ئەو دەوڵەتانە.

تیرۆر دەكرێ لە سەرەتاوە تاوەكو ئیمرۆ لە بەر چەند هۆكارێكی سیاسی،كلتووری، كۆمەڵایەتی، سایكۆلۆژی، مەزهەبی و ئاینی لە دایك بوبێت، بەڵام بۆ هەر هۆكارێك بێت و لە ژێر هەرناوێك بێت قیزەوەنترین دیاردەیە،

لەم سەردەمەشدا ئەم نەریتە خراپە بۆتە رێباز و كردەوەی رۆژانەی گروپە ئیسلامییە سیاسیەكان و بە كردەوە تۆقینەرەكانیان خەویان لە چاوی دونیا زراندووە،ئەوانە بۆ بەدیهێنانی ویستەكانیان چ لە دژی خەڵكانی ئاسایی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و چ لە دژی خەڵكانی رۆژئاوا لە هیچ كارێكی تیرۆریستی

واتە رەشە كوژی و كۆمەڵ كوژی و تەقینەوە لە شوێنە گشتیەكان درێخیان نەكردووە.

مۆدیرنترین كاری تیرۆریستیان خۆ تەقاندنەوەیە، جاری وابووە لەگەڵ تیرۆریستێكی خۆ كوژ بە سەدان كەسی سیڤیل و بێگوناه بوونەتە قوربانی

کوژراون، نمونەی 11 سپتیمبەری ئەمەریکا و یەکی شوبات لە کوردستان و دەیان نموونەی تر کە رۆژانە روودەدەن.

کارەساتی یەکی شوبات تەنها کارێکی تیرۆریستی نەبوو بەڵکو کارێکی شۆڤینیستانەی عەرەبە مسوڵمانە تووند رەوەکان بوو بە رامبەر بە گەلی کورد

ئەوان بوونی کوردسانێکی بیٚ بەعسیان قبوول نەدەکرد، ئەوان درێژکراوەی پیاوانی بەعس و ئەنفال چییەکان بوون، وەك چۆن بەعس بە ناوی ئەنفال کورد کوژی دەکرد، ئەوانیش لە رۆژی جەژن خەڵکیان کوشت، چونکە بروایان بە مسوڵمانیەتی کورد نەبوو،هەر ئەوانە لە لایەن هەندێك لە دەوڵەتە عەرەبە مسوڵمانەکان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان هاوکاری مادی دەکرێن بۆ

بۆ لێدانی کورد و ترس و تۆقاندنیان، ئەوەش بە هاوکاری گروپە ئیسلامیە تیرۆریستەکانی کوردستان.کە دەبنە چاو ساغ و رێنیشاندەری ئەو گروپانە

دژایەتی حکومەتی کوردستان بیری نەتەوەیی کورد دەکەن، دەیانەویٚ کوردستان بۆ 1400 ساڵ لەمەو بەر بگەرێننەوە.

یەکی شوبات کارەساتێکی گەورەبوو بەسەر کوردا هات،بووە هۆی شەهید بوونی رێژەیەکی زۆرلە خەڵکی بێگوناه و کۆمەڵێك سیاسەتمەداری کورد کە بۆشاییەکی گەورەی لە نێوحکومەتی کوردستان دروستکرد،ئەم کارەساتە وای لە خەڵکی کوردستان کرد، کە زیاتر چاوی خۆیان بکەنەوەو هاوکاری دەزگا ئەمنیەکان بکەن.

تەقینەوەکانی ئەم دواییەی کوردستان کە لە لایەنی گروپە تیرۆریستەکانەوە ئەنجامدرا، شەرێك بوو دژ بە نەتەوەی کورد، ترس و تۆقاندنی خەڵکی کوردستان

گەرانەوەیان بۆ سەردەمی جاهیلی، ئەگینا لەم ناوچەیە هیچ میلەتێك وەك کورد پا بەند نییە بە ئیسلامەوە، گەلی عەرەب کە ئەمرۆ لە ژێر هەرناوێك بێت کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، چونکە هیچ شتێکیان نییە پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکەن بێجگە لە ئاینی ئیسلام، ئەوان ئەهلی کیتابیش کە مەسیحی و جوولەکەن بە دوژمنی خۆیان دەزانن، کوردیش بە هاوکاری ئەمریکا و ئیسرائیل دەزانن، بۆیە

لە کوشتنی خەڵکی کورد دەست ناپارێزن و دەیانەوی رێگە بەو شاڵاوە بگرن کە دونیایی سەردەم لە ژێر ناوی مۆدیرنە بەرەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هێناوە،

دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش، ترکیاو ئێران سووریا، بونەتە مۆڵگەی تیرۆریستان و هاوکاری مادی و مەعنەوی گروپە تیرۆریستەکان دەکەن، بۆ ئەوەی

ئەو ناوچەیە سەقامگیری بە خۆیەوە نەبینیٚ وکوردیش نەتوانیٚ ببێتە خاوەنی کیانێکی سیاسی. با بە هەموومان ببینە چاوی حکومەت دژ بە گروپە تیرۆریستەکان و پێش بە دووبارە بوونەوەی کارەساتی یەکی شوبات بگرین .